

هەفتەی رابردوو لە کاتی ئەنجامدانی دیمانەیەك لەگەڵ جانـۆ رۆژبەیانی دەرهێنەری سـینەمایی کوردی - جیهانی، باسـی لە نوێترین کاری خۆی کـرد کە زنجیرە درامایەکی کۆمەڵایەتییە و باس لە توندوتیژی دژ بە مێینە دەکات. جانۆ باسی لە چەند ئەکتەرێك کرد کە یەکەم جارە کاریان لەگەڵدا دەکات، زۆریش بە ئاسـتیان رازی و سەرسـام بوو، یەکێك

مێژوو نورەدین:

# حەز و خۆشەویستی بۆ هونەر هۆکاری سەرکەوتنی هونەرمەندن



**لەوانەی کە باسی کرد، مێژوو نورەدین بوو، کە ئێستا لە ڕێگەی چەند کارێکەوە لەوانەش زنجیرەکەی خۆی توانیویەتی وەك کچێکی بوێر و بەتوانا و شارەزا بوونی خۆی بسەلمێنێت، لە هەمان کاتدا چاوەڕێ دەکرێ لە داوارۆژدا ببێت بە یەکێك لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکان لە بواری هونەری شانۆ و دراماد و ئەو کارانەی تا ئێستا ئەنجامیداون گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن.**

حەزی هەر کەسێك بۆ کاری هونەری مەرج نییە پێویستی بەوە هەبێت ئەو کەسە لە بواری هونەریدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنێت، مێژوو نورەدین لەم بارەیەوە دەڵێت: هونەریش وەك هەر بوارێکی دیکەی ژیانی، پێوەندییەکی زۆری بە حەزی ئەو کەسەوە هەیە بۆ کارەکەی و هەر کەسێك ئەگەر حەز و ئارەزووی لە هەر کارێك هەبێت، بە هەندێك خۆماندووکردن دەتوانێت بە ئامانجەکەی بگات و سەرکەوتوو بێت لەو بوارە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم حەز و ئارەزووە لە دڵەوە بێت و حەزێکی پاك و بێگەرد بێت بۆ کارەکەی، من یەکێکم لەو کەسانەی خۆشەویستی و حەزێکی زۆرم هەر لە منداڵییەوە بۆ هونەر هەبووە، ئێستاش بەبێ خوێندن لە کۆلێژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان گەیشتوومەتە ئەوەی خۆم ویستوومە، مەرج نییە پەیمانگە، یان کۆلێژ بتوانێ هونەرمەند دروست بکا، ڕاستە ڕۆڵێکی دەبێت لە زیاتر شارەزا بوون لە بوارەکە، بەڵام ئەگەر ویست و حەزی ئەو کەسەی لەگەڵدا نەبێت، گەیشتنی بەو ئامانج و ئاستەی دەیەوێ کارێکی ئاسان نییە، چونکە وەك پێشتر باسمکرد چوونە نێو هونەر و بواری هونەری سەرەتا حەز و خۆشەویستییە کە زۆر پێویستە هەبێت.

ڕەنگە حەزەکانیش جیا بن، چونکە زۆر کەس هەیە هونەرمەندە و سەرقاڵی کار و پیشەی دیکەیە کە زۆر پێوەندی بە هونەرەوە نییە و لە بواری هونەریش نەیخوێندووە.

شانۆ و دراما ئەگەرچی هەردووکیان کاری نواندنی تێدا ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەکتەری شانۆ و ئەکتەری سینەما و تەلەفزیۆن لە زۆر ڕووە ڕەنگە هەندێك جیاوازییان هەبێت، ئەگەر جیاوازییەکان کەمیش بن، مێژوو لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەکتەر هەر ئەکتەرە و شانۆ و درامایش لە یەك بواردا خۆیان دەگرنەوە ئەویش نواندنە، بۆیە من وەك مێژوو هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نابینم، چونکە هەست دەکەم لە هەردوو بوارەکەدا خۆم دۆزیوەتەوە و سەرکەوتووم، ئەمەش هاندەرێکی سەرەکیم بووە کە لە هەردوو بواردا کارم کردووە و لە داهاتووشدا هەر کارێکی درامی، یاخود شانۆیی هەبێت، بە دڵنیاییەوە بەشداری تێدا دەکەم و بەردەوام دەبم لە نواندن .

مێژوو وەك کچە ئەکتەرێك کە ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەرییە، هەوڵ دەدات کە هونەری کوردی زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و خەون بەوەوە دەبینێت ڕۆژێك لە ڕۆژان هونەری کوردی هەنگاوی زیاتر بهاوێت و لەم بارەشەوە دەڵێت: گەورەترین خەونی من پێشکەوتنی زیاتری هونەری کوردییە، بۆیەش من هەوڵی بەردەوام دەدەم و بەردەوامیش دەبم لە هەوڵەکانی خۆم، چونکە خۆشەویستی و ئارەزووی من بۆ هونەر سنووری نییە و هەر کار و پیشەیەکی دیکەم ئەنجامدابا وەك دکتۆری، یان مامۆستایی، یان هەر پیشەیەکی دی، بە دڵنیاییەوە تێیدا سەرکەوتوو دەبووم، بەڵام حەزی من هونەر بووە و هەر هونەریشە، بە بڕوای من هونەر و جەنگ شان بەشانی یەکدین و ناوی کوردستانی پیرۆز بەرز دەکەنەوە، چونکە لە هونەریشدا جەنگ بوونی هەیە.

مێژوو یەکێکە لە پاڵەوانانی زنجیرەدرامای (پەناگەی هیوا) کە کارێکی نوێی سینەماکاری کورد (جانۆ ڕۆژبەیانی)یە و جانۆ خۆیشی سەرسامە بەو ئەدایەی کە دەیبینێت لە دراماکەدا، لە بارەی زنجیرەکە و ئەو ئەکتەرانەی تێیدا بەشدارن کە زۆربەیان ئافرەتن، چونکە بابەتەکە کێشەی نەهێشتنی توندوتیژییە دژ بە ئافرەتان و هەندێك لەو کچە ئەکتەرانە جاری یەکەمە وەك ئەکتەر بەشدار دەبن، لەم بارەیەوە دەڵێ: زۆربەی بەشداربووانی ئەم کارە گەنجن و هەندێکیان جاری یەکەمە بەشداری دەکەن، ئەمەش هەنگاوێکی باشە و هیوادارام هەنگاوی دیکەی لەم جۆرە هەبن بۆ ئەوەی بواری زیاتر بە ئەکتەرە گەنجەکان بدرێت، بەڵام پێم خۆشە بینەریش کارەکە ببینێت و بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە بەڕاستی پێموایە ئەو کارە جیاوازترە لە هەموو کارەکانی پێشووی و بە یەکەم کاری جانۆ ڕۆژبەیانی لە بواری دراما دادەنرێت.